# ❊بالآنمەی قەسیدەی مەنگ❊

سەری شوشەی چاوەڕوانیت
جاریکی تر شل کردەوە و
تنۆك.. تنۆك
شەرابی غەریبیت پێ هەڵدام
لە نێو دورگەی پێکەنینە حەسرەتیەکان
لە گەڵ یەکەمین
ترپەی دڵ و
عاشق بونی ئێوارە تەڕەکانی کچ ..
لە گەڵ یەکەمین
بۆنی هەڵۆژە و
گەلآ مەکربازەکرنی وەرزی دایکم ..
گریانی تەمبورێکی بالآ تەمەنت
ڕاونایە شاری منداڵیم ..
تایتێڵی خۆزگە بەشەڕ هاوەکانی
ڕەحمت، تێکەڵ بەمەراقی سپێدە کرد !
ڕۆشتن لە گەڵ کەللەی سەردا بۆ کوێ ؟
تاکەی؟
گەڕان بەدووی ماڵی لەشتا و
گوڵە مۆرەکانی عەسری پایزت
ڕاونانە لە بڕوانامەی بەهەشت
ڕاونانە لەپەراوێزی
ئێوارە خەم ساردەکان و
شەوی سوورت..
نازانم چۆن لە ساڵەکانت خۆش بم
نازانم چۆن ئاوریشمی
ئەم حەزە شێتەم
لە بالآنمەی قەسیدەی
تەمەن بپێچم
بە کۆڵێ تاوانی پڕ

ئەزەلییەوە..
تا تێپەڕ بیت
لە یەکەم ئایەت و
دواین کفرم ,
لە پاڵ حەوزێك ماچی شەودا..
چۆن بڕوا بە ناسینەوەی دەستەکانت بکەم
کە ڕەنگی منی تیا قاڵ نەبوبێتەوە ؟
یان لە گۆمی کۆشی سورتا
لافاوت نەی تاساندبم , بێ مەلە
یان لە دادگای کردنی ئێوارە دا
تروسکە و (جامی باڵق بون)ت
سوێر نە کردبێتم ..
تا کەی ؟
شەربەتی بەهەشت و
مەزەی جەهەنەم
تێکەڵ بە ڕۆحی ماندوم دەکەی
لە ساکارترین
وەرزی بەستەڵەك دا..
یان بە مانشێتکی ڕەش ڕەش
ئەم نوسیتەوە
لە مەنفا ؟
تا یەکەم هەنگاوم
لەشەپۆلی تاریکی دا
وون بێت
بۆ هەناسە بارگاوییەکانی
لەشتی ڕوتت..
بۆ تۆمار کردنی
پێکەنینە نارنجییەکان ..
لەو دیو, دیوارێکی (بڕومزی) ە وە ..
لەپاڵ سامنکترین زانستی
(ئینساکۆپیدیا)ی گشتی دا..
ئەمەوێت
تۆخ تر بنوێنی

لەدەریا..
لە قولاّی ..
لە ئاسمان ..
لە هەسارە گەڕۆکەکانەوە تا زەوی
لە ستونی بەیانیەکەوە
بۆ شەو..
لە خوێندنەوەی کتێبمەوە
تا منداڵیم و
لاپەڕە دراوەکانی.
لە خواردنەوەی کوپێك ئاوی پەمەیی مەوە
تا خنکان
لە مژینی مەمکی چەپی ئاسمانەوە
تا گەیشتن
بە ساتە وەختەکانی ..چێژ
تا توانەوە
لە ناو سێبەری
قیامەتدا،
ئەمەوێت
لە کۆتا وێستگەی حەزتا
بەربیتە ڕۆحیانە تە
ئاویەکان ..
تا ماچێك بەخشی
بە لەتێك (ئاوێنە) م
لە کیشوەری تەفسیرێکی
ئاوەژومدا..
لە دوا هەمین سەنگەری
ئەجەلدا,
دەستم پڕکە
لە سوتان و پەیکەری
تەڕاییت
تا لە خۆم ئاڵ تر بنوێنی..
ئەشێت بالاّ نەونەمامی خەونێك
بەدیار منەوە شین بکات !

**بۆ شەوی تاقانەترین**

**تنۆکی هەوەس و شەکەتی,**

**وەك چیمەنێکی پرتەقاڵی**

**پڕ لە مەستی..**

**لە گۆرانی..**

**لە شیعر..**

**لە گەڵا..**

**لە پایز..**

**یا خود, نا ؟ ..**

**تۆ پێم بڵێ ؟**

**پێم بڵێ چی لەم  هەموو**

**هەناسە بارگاویە بکەم**

**تلانەوەم**

**لە باڵی تاریکدا**

**ئەدرەوشێتەوە و**

**ئەکتەری شانۆی**

**خۆش ویستنم  لێ وونە ..**

**وەك شاری پێکەنینە تۆراوەکان..**

**نازانم بۆ؟..**

**ئاو هاش ئەمەوێت**

**لە هەناسەتدا (تەواو) بم..**

**ئاوهاش ئەمەوێت**

**لە پاسەیەکدا وونم کەی ..**

**تا پێم بڵێن:**

**یەکەمین ئیمامی عاشق**

**بۆ (چاوەکان) ی..و**

**دواین مەملەکەتی دڵی تینوو...**

**لە بەردەم**

**کەمانچەیەکی سپیدا**

**لە پاڵ پێکەنینێکی سەحەریدا.**

**دیار محەمەد**
17/7/2007
Deyar_mahamad@yahoo.com